# ئاوڕدانەوەیەک لە "بەیتی سەیدەوان"
# لە دەلاقەی ئوستوورە و تراژیدی

لەیلا نوورانی
(مەهاباد)

«جۆزێـف کەمبێل» ئوستوورەناسـی نێوبەدەرەوە، پێـی وایـە چیـرۆک و ئوسـتوورەکان بەشـێکی زاتـی و لێـک جیانەبـووەوەی پێشـکەوتن و پێگەیشـتنی مرۆڤەکانـن، لـە هەمـان کاتیشـدا ئامرازێکـن بـۆ ڕاهێنـان و دەرفەتێکمـان بـۆ دەرەخسـێنن کـە مەترسـی و دژوارییەکانـی سـەفەری ژیـان بناسـین و یەکـدی لـێ ئـاگادار بکەینـەوە و کـردەوەکان هەڵسـەنگێنین و لـە ئاکامـدا باشـتر لێـک حاڵـی بیـن. «کارڵ گوسـتاف یونگ»یـش بـاوەڕی بـە هێـزی چیـرۆک هەبوو. مـرۆڤ لـەو کاتـەوە لـە پەنا ئاگـر دانیشـت و چیرۆکـی گێـڕاوە و ئوسـتوورەی خوڵقاند، بـوو بـە هـۆکاری ڕاگوێـزی زانیـاری. ئەگەر لـە بەیتـی کوردی بـە چاویلکـەی ئوسـتووره بڕوانیـن تووشـی زۆر خاڵـی هاوبـەش دەبیـن. یەکەمیـان (Archetype)، یـان فـارس کوتەنـی (کهن‌الگـو)ی شـەڕکەرە کـە کەسـایەتییەکی سـەرەکی و دەورگێـڕ، بـە ئامانـج و خـاوەن هێـز و ئیرادەیـە هەمـوو ئـەو تایبەتمەندییانـەی هەیـە کـە دەبنـە هـۆکاری سـەرکەوتنی بەسـەر نەیارانـدا، ئەوجـا دەتوانـێ نەیـار دوژمنێکـی مرۆیـی بـێ، یـان بوونـەوەران و دێـو و درنـج، یـان هێـزە سروشـتییەکان، یـان قـەدەر و چارەنـووس، لـە ئاکامـدا، یـان سـەردەکەوێ، یـان تێدادەچـێ.

خاڵـی بەهێـزی شـەڕکەر کـە قارەمانـی چیـرۆک و ئوسـتوورەیە، بوێـری و هێـزی جەسـتەیی، یـان دەروونییـە و خاڵـی لاوازی غللـووری و خـۆ

بەزلزانی و متمانەبەخۆیی لە ڕادەبەدەریەتی. لە گێژاوی ڕووداوەکاندا دە هەوڵدایە بایەخەکانی خۆی بسەلمێنێ و خۆی، یان کەسێکی دیکە لە بارودۆخی نالەبار ڕزگار بکا. ئەو تایبەتمەندییانە لە بەیتی سەیدەواندا لە «عەبدولعەزیزی سەردارعێلی داسنی»دا بەرچاون. ئەو کاڵەی ئاسنی هەڵبەستووە «لە باری دەروونییەوە» بەسەر خەونی پەرێشانیدا زاڵ بێ و سووکنایی بە ناخی خۆی ببەخشێ، لە هەمان کاتدا ژیانی لە گۆڕانکاری نەرێنی بپارێزێ. عەبدولعەزیز شەڕکەری ناخی خۆیەتی و وەک قارەمانە ئوستوورەییەکان هەڵدەبژێرێ کە بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو قەدەرەی بکا کە ئێستا ڕووی نەداوە، بەڵام دڵی خەبەری داوە کە خراپی لێ بەسەر دێ، بڕیاری خۆی دەدا و دەچێتە خوازبێنی بۆ کوڕی گەورەی «مەلکەوان» هەتا ناخۆشی ڕادا و خۆشی و شادی جێگر بکا، بەڵام ئاکام سەرناکەوێ.

چەمکی ئوستوورە ئەوەیە کە توێیەکی نەدیو پارێزگاری لە توێی ئاشکرای ژیان دەکا. ئەو هێزە نەدیوە لە ژیانی قارەمانی ئوستوورەییدا دەکرێ چارەنووس بێ کە بەشێک لە قارەمانی ئەفسانە و چیرۆکە تراژیدییەکان، تووشی کێشە دەکا و ماکەی سەرەکی چیرۆکەکانە و ئاکامی باش، یان خراپی لێ دەکەوێتەوە و لە ڕووداوە تراژیدییەکاندا بە چۆکیدا دێنێ و توانایی قوتاربوونی لێ دەستێنێ. لە واقیعدا هەر لە سەرەتادا وەک لە خەونەکەی عەبدولعەزیزەوە دەردەکەوێ کە لەسەر کوێستانەکان پەرێشان و تەنیا بەشوێن قولێک گیاوگوڵەوە هەڵات هەڵاتییەتی و هیچی دەست ناکەوێ، ڕووداوەکە بەرچاوە، دواییش کە خەونەکە فیکری ئاڵۆز دەکا، خەریکە لە ناخیدا کارەسات دەقەومێ، پاشان لە ژیانیدا گشتگیر دەبێ.

خەونی ئاڵۆز هێمای هێرشی تاریک و تنووکییە کە خەبەری گۆڕانکاری گەورە بە ڕوحی عەبدولعەزیز دەدا و دڵگرانی دەکا و دەیشێوێنێ و ڕەنج لە ڕەوانی قارەماندا لە دایک دەبێ و دارەدارێتی و هاندەری چیرۆکیشە بۆ خولقاندنی تراژیدی.

لە تەواوی ئەو کاتانەی عەبدولعەزیز خەریکە لە تاریکانی دەروونی خۆی گەردەلوولی ترس بێرەوبەوێیدا دەدا و سەحەتی لێ هەڵدەگرێ، زار هەڵناپچڕێ و هەر بەتەنیا هەڵگری غەمی دڵی خۆیەتی، ئەوەش تایبەتمەندییەکی سەرەکی و بنیادیانەیە، ئەو تەنیایی و جیاوازییەی قارەمانەکان، بۆ ئەوەیە کە بە بەردەنگ باشتر خۆیان بقەبڵێنن.

ئەوە تایبەتمەندییەکی دیکەی قارەمانی ئوستوورە و تراژیدییە کە لە گۆرەپانی شەڕی نەخوازراودا بێکەس و بێدەر دەبێ خۆڕاگری بکا و چاوەڕوانی چارەنووسی نادیاری خۆی بێ.

عەبدولعەزیز لەو لاشەوە سەردارعێلی داسنییە، واتە «حاکمە» و قسەڕۆییو و خاوەن دەسەڵاتی کاریزمایە و ئەو تایبەتمەندییە لە کەسێکی ئاسایی دووری دەکاتەوە و بە قارەمانەکانی چیرۆکی ئوستوورەوە گرێ دەدرێ. لە بەیتی سەیدەواندا هیچ بەیتبێژێک ئاماژە بە ڕواڵەتی عەبدولعەزیز ناکا و بەشێکی زۆری بەیت، گێڕانەوەی ڕووداوەکان و شینی عەبدولعەزیزە، بەڵام شکۆی سەرداری عێل تەواو هەست پێ دەکرێ و زەق دەبێتەوە. لە هەمان کاتدا «حەکیم»یشە و ڕاوتەگبیری بە کەس نییە و تاقە بڕیاردەر هەر خۆیەتی. خاڵی دیکەی بەرچاو ئەوەیە کە لە دڵی کارەساتدا گلەیی و گازندە لە خودا (خوداکان) ناکا، بگرە زۆریش

خۆڕاگـره، ئـەوه مردنـی سـەیدەوانە کـە هەڵـەی خۆیەتـی، بۆیـە بـە خۆیـدا دێ و هـەر تـووک و دوعایـان دەکا، ڕاسـتییەکەی دەکـرێ بڵێیـن بـۆ خـۆی «خـودای دەسەڵات»ـە بـە شـێوەی مرۆڤ، ئـەوەش قارەمانـی بەیت بـۆ بەردەنـگ بایەخدارتـر دەکا و هەنگاوێکـی دیکـە لـە ئوسـتوورەی نزیکتـر دەکاتـەوە.

قارەمـان بـە هـۆکاری دەرەکـی گۆڕانـکاری دەروونـی بەسـەر دێ و لـە ژیانـی ئاسایی خـۆی بێبـەری دەکـرێ و ئـەوە بـە بەرچاوتریـن بەشـی بەیتـی سـەیدەوان دەزانـم. لێرەدایـە کـە سـەفەری ناخـی دەسـت پـێ‌دەکا و بـە پێکانـی سـەیدەوان بـە لووتکـە دەگا و قـەڵای دەروونـی دەڕمـێ و لـە شـینگێڕییەکەیدا دەردەکـەوێ کـە بـە نەمانـی خۆشەویسـتانی «کارەساتە تراژیدییەکـە» هەمـوو ئـەو باوەڕانـەی لای پیـرۆز بـوون تێکـەوە پێچـراون و خەریکـە پشـتیان تـێ دەکا و وەک قەقنـەس لـە خۆڵەمێشـی خـۆی عەبدولعەزیزێـک لـە دایـک دەبێتـەوە کـە فـرێ بـە کەسـایەتی پێشـوویەوە نەمـاوە. لێرەشـدا فاکتەرێکـی دیکـەی ئوسـتوورە بـە نهێنـی بـاس کـراوە، واتـە «لەدایـک بوونـەوە لـە پاشـی مـردن»، ئەوجـا ئـەو مردنـە ڕواڵەتـی بـێ، یـان بـە زەیـن و بـاوەڕ لـە هەنـاودا، جیـاوازی نییـە.

**«شەرت بێ ڕۆڵە سەیدەوان لە پاش ئێوە**
**دە لاقـم نەکـەم چەکمـان و دە شـانم ناکـەم تفەنگـی سـێ تیـر**
**تازە ناچمەوە ڕاوی ئەوان کێویانە»**
**«بەهارە! بەهارە!**
**ئـەوە لـە دڵـی عەبدولعەزیـزە کـوڕەی، چەنـد بەهارێکـە شـین دەنوێنـێ**
**دە ڕەببـی کـوڕە بـی لـە چـاوان، لاڵ بـی لـە زمانـی**
**قامکـی پەلەپیتکـەت شـکێ؛ کوانی دەسـووتێنێت لـە ئانیشـکی بێ»**
**«کاکەسـەیدەوانە ڕۆڵـەم بەسـەری تـۆ ... ئەمـن تاولـی هەڵنەدەمـەوە/ لـە نێـو عێلـی دە میـر و بەگلـەر و پادشـایان، دەگـەڵ ئـەوان خوندکارانـە مـەڕی بابـی خـۆت بکاتـەوە قرانـێ/ بـۆت دەسـت دەدەمـەوە گۆچانێکـی شـینەبەڕوو/ بـە عـام بیدەمـەوە بـە عەسڵەشـوانە»**
**«شەرت بێ لە پاشی مەردێکی وەک سەیدەشۆڕی**
**ئەمـن ناچمـەوە نێـو داسـنیانە/ دەچمـەوە گەرمێنـی دە گەرمەسـێرە/ دم بەحـران، دم ئـەوان شـەتانە/ لـە پاشـی مەردێکـی وەک سـەیدەوانی/ بەعامـی نامەوێتـەوە ئـەو ژیانـە»**

عەبدولعەزیـز بـە بیانـووی ڕاو بـۆ بووکنیـان ڕوو لـە چیـای مەغلووبـی داسـنی دەکا، بـێ ئـەوەی تەدارەکـی ڕاو بگـرێ و میرشـکار و ئەسـپ و تاجـی و کاردار وەدوای خۆیـدا، بەیتبێـژ وەک زانـای گشـتی لـە گێڕانـەوەدا، دەیدرکێنـێ کـە لـە تـاوی غەمـی خـۆی، بەتەنیـا تفەنـگ لـە شـان دەکا، لێرەدا قارەمانـی بەیت مانـای ئوسـتوورەیی ڕاووشـکار دەگـۆڕێ کـە زۆرتـر لـە لایـەن شـا و سـەرکردانەوە بـە مەبەسـتی خۆشـی و ڕابـواردن، یـان نیشـاندانی هێـزی جەسـتەیی و لێهاتوویـی، تەدارەکـی بـۆ دەگیـرا، ئەگـەر دوورتریـش بڕوانیـن بـۆ سـەردەمی مرۆڤـی سـەرەتایی کـە ئایینێـک بـووە بـۆ ڕزگاری لـە برسـێتی و هـۆکاری مانـەوە بـوو. لێـرەدا ئەگـەر زەیـن بدەینـێ عەبدولعەزیـز گۆڕانـکاری بەسـەر هاتـووە، ئەگەرچـی بەڕواڵـەت بـۆ ڕاگرتنـی بارودۆخەکـە (تێـک نەچوونـی شـایی) وەپەلەقـاژە کەوتـووە، بـەڵام ڕاسـتییەکەی پەنـا بـۆ کێـوی مەغلووبـی داسـنی دەبـا، هەتـا تـۆزێ غەمـی دڵـی بەبـادا، بـۆ قارەمانـی بەیـت، ماناکان گـۆڕاون و وەک سـەردارعێلێک لـە ڕاووشـکار

ناڕوانێ و ئەو بەشەی بەیت نیشاندەری بناغەی ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکەی هێزی قارەمانە.

عەبدولعەزیزی داستانی کوڵی تراژیدی بە کوڵەوە، کاتێک بە کێوەکەدا هەڵدەگەڕێ. وەبیر جێگەوپێگەی کێو لە ئوستوورەدا دەکەوینەوە کە هێمای پەنا و پەرستگە بووە و لە زۆربەی ئایینەکاندا بۆ پاڵاوتنی ڕوحی ڕووی تێکراوە و پەرەستگەکانی ئایینە جۆراوجۆرەکانی لەسەر ساز کراوە.

دەستی قەدەرە و ناکرێ لەسەر ئەو چیایە غەمی قارەمان بە با بدرێ، لێی دەبێتە ناوەندی شەڕگە و لووتکەی تراژیدی و کێوی پیرۆزی عەبدولعەزیز شێوە دەگۆڕێ و پێچەوانە خۆ دەنوێنێ و دەبێتە گۆرەپانی شەڕە قورسەکەی قارەمانی بەستەزمان و ناوەندی ئاڵوگۆڕی نەرێنی و لەوێ بەچۆکدا دێ و غەم لەشکری بۆ دێنێ و تێکی دەشکێنێ و لەو پەرەستگەیەیە کە هێزی توێی نەدیو لە خزمەت ڕووداوی دەرەکیدایە و ئاکامەکان بە دڵە خۆی دەگۆڕێ و بەرگی سەرداری عێل لەبەر باوکی جەرگبڕاو دادەماڵێ و لە بەهەشتی ژیان ڕاوی دەنێ.

ئەگەر خاڵی بەهێزی تراژیدی ئەوەیە کە ڕووداوەکان لە ژیانی قارەماندا هۆکاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتین و زۆرجار لە کارەسات نزیکن و قارەمان تووشی ڕەنج و ئازاری لە بن نەهاتوو، یان تێداچوون (چ خۆی بێ و چ ئازیزانی) دەکا. بەیتی سەیدەوان لەو ڕوانگەوە بەناوانترین چیرۆکی تراژیدییە.

لە ڕوانگەی فەلسەفی «بابەتی تراژیک» بە سنووردار، ئاکامی ناخۆشی پڕ لە مەینەت و ئازاری قارەمان، تێگەیشتن لە دەسکەوتی نەهاتی ژیانی خۆی، کە دەردەداری کردووە، هەستی ناخۆش و لە کیسدان لێک دەدرێتەوە.

بە پێوەرەکانی تراژیدی، «چوونەوە سەر» هۆکارێکە بۆ ئەوەی کەسایەتی سەرەکی لە ئاکامی ڕووداوەکانی ژیانیدا لە ڕاستەقینەکان حاڵی بێ و ئی بن بەرەی بۆ بێتە سەر بەرە، جا چ بە مەقسوود و مراد بوون بێ لە دوای مەینەتێکی زۆر، چ تێداچوونی خۆی، یان خۆشەویستانی لێ بکەوێتەوە. ئەو ڕووداوانەش بە جۆرێک ڕیز کراون کە کارەسات بقەومێ و لە خزمەت یەکدان، پاشان شێواز و نیزامێکی نوێی فیکری بۆ قارەمان دادەمەزرێنن. بایەخی تراژیدییان، لە ئاراستەکردنی ماریفەتی ڕەوانناسی، ئەخلاقی و ئیشارەی ئەو بە گرفتەکانی بنەڕەتی وەک چارەنووس، ئازادی، مانای ژیان، مردن و نەمری مرۆڤ زانیوە و هەڵقوڵاوی کولتوور و باوەڕی گەلانی دنیایە.

هەلومەرجی تراژیک هەلومەرجێکە کە تێیدا، دوو کەس، یان کەسێک و چارەنووس، یان کەسێک و خودا، یان خوداکان دژ بە یەکترن. ئەو کەسەی لە هەلومەرجی تراژیک دەکەوێ، بێدەرەتانە لەوە کە بە پێی بژاردەی خۆی بڕیار بدا و دژکردەوەی، قەومانی ڕووداوی دڵتەزێنی لێ دەکەوێتەوە. لەو بەیتەدا هەر لە سەرەتاوە هەلومەرجەکە تراژیکە.

ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر تراژیدی کردووە پێیان وایە لە چیرۆکی تراژیدیدا ئەو کاتەی ڕووناکی هیوا لە ناخی مرۆڤدا بزر دەبێ «کاتی تراژیک»ی ژیانە و بەرەوڕووی ڕێگایەکی بێگەڕانەوە دەبێتەوە و قارەمانی تراژیدی بۆ هەتاهەتایە وەک خۆی لێ نایەتەوە و باوەڕی ئەرەستوومان بیر دەخاتەوە کە تراژیدی دەبێ ئاکامێکی غەمباری هەبێ.

لەو بەیتەدا ئەو کاتەی عەبدولعەزیز دەگاتە سەر مەیتی سەیدەوان و شین دەگێڕێ، کاتی

تراژیکـە و ڕاسـتەوخۆ وتـەی «هێـگڵ» پشـت ڕاسـت دەکاتـەوە کـە « تراژیدی بـە نیشـاندەری کاتـی جودابوونـەوەی مـرۆڤ لـە دنیـا دەزانـێ» .
عەبدولعەزیـز لەسـەر مەیتـی سـەیدەوان وەک بـە تەنیـا لـە ناوەنـدی دنیـا مابێتـەوە وایـە و لـە هەمـوو ئـەو شتانەی لای بایەخیـان بـوو، بێبـەری بـووە: لـە بـاب و کوڕێتـی و لـە سـەرداری عێـل بـوون و لـە خۆشـی و نەهەنگەکانـی ڕاووشـکار، تەنانـەت لـە جوانـی بەهـار و سروشـتیش دابـڕاوە و کڕنۆشـی بـۆ ئـەو بـاوەڕەی هێـگڵ بـردووە.
لـە لووتکـەی تراژیدیـدا، « بەردەنـگ/ گوێگـری بەیـت» هاوڕێـی چرکـە بـە چرکـەی سـەروخوار و داڕمانـی ڕواڵەتـی و دەروونـی و مانایـی و هەڵدێرانـی قارەمانـی چیرۆکـی تراژیدییـە لـە پلەوپایـەی پێشـووی ژیانـی و لـە مێشـکیدا خـۆی بـەو قارەمانـە دەشـوبهێنێ و لـە ئاکامـدا دەگاتـە قۆناغـی پاڵاوتنـی ڕوح و ڕەوانـی خـۆی و کاریگەری ڕووداوەکان هەست پـێ دەکا و لێرەدایـە کـە خۆڕاگـری بەردەنگیـش شـەنوکەو دەکـرێ و زانیـاری لـە خـۆی دەسـت دەکـەوێ. کاتێـک لـە دەروونـی خۆیـدا هەنـاوی بـۆی هەڵدەقرچـێ و زگـی پێـی دەسـووتێ و بـۆی بـە پەرۆشـە و جێگۆڕکـێ بـە خـۆی و عەبدولعەزیـز، واتـە قارەمانـی بەیـت دەکا تفـی لـە زاریـدا وشـک دەبـێ و تیغـی دەبانـی تـرس هەتـا ئێسـقانی ڕۆ دەچـێ و ئـەو پرسـیارە دێتـە ئـاراوە کـە چۆن دەبێ نەهامەتـی وا بەشـانی کەسـێکدا بـێ؟! لێرەدایـە کـە «کاتارسـیس» لـە مێشـک و هەناویـدا شـێوە دەگرێ و بـاوەڕی ئەرسـتۆ پشتڕاسـت دەبێتـەوە و مـۆری تراژیـدی لـە تەوێڵـی بەیتـی سـەیدەوان دەدرێ.
ڕاسـتییەکەی تراژیـدی شـانۆنامەیەکە کـە لـە گەورەیـی مـرۆڤ و ڕوح و هەنـاوی بەرانبەر چارەنووس دەدوێ. ڕەنـج و ئـازار بەرچـاو دەکـرێ و کارەسـات و ڕووداوە دڵتەزێنــەکان زەق دەکرێنــەوە و کۆتایـی تراژیـدی غەمبـار و شـووم و قەباحەتـە، بـەڵام هەمـوو ئەوانـە دەکـرێ لـە چیرۆکیشـدا هەبـن و شـانۆنامەش بـەری داری چیرۆکـە.
کـە وایـە تراژیـدی چیرۆکـی غەمبـاری شـەڕ و ململانێـی مـرۆڤ لەگـەڵ چارەنووسـی خۆیەتـی، هەرچەنـد هەوڵـی لـە دوو دەدا لـە بەرانبـەر ڕووداوە نەخـوازراوەکان خۆڕاگـر بـێ، بارودۆخەکـە خەراپتـر دەبـێ و زیاتـر تێـدا دەچـێ.
هەڵـە، قارەمانـی تراژیـدی لـە هەڵدێـر نزیکتـر دەکاتـەوە کـە لـە سـەیدەواندا ئـاوا ڕاڤـە دەکرێ کە عەبدولعەزیـز مـل نـادا شـاییەکەی لـێ ببێتە شـین و هـەر جـارەی بووک لە کوڕێکی مـارە دەکا و هەر ئـەو پێداگرییـەی بـەرەو قووڵایـی کارەسـاتی دەبـا، تـا ئـەو جێگایـەی بـە دەسـتی خـۆی سـەیدەوان دەکـوژێ و لێـرەدا قارەمانـی بەیـت لـە لووتکـەی خەتابارییدایـە و خوڵقێنـەر و هەوێنـی کارەسـاتی تراژیدییـە و ئاکامەکەشـی تێداچوونـی دەروونـی خۆیەتـی، ئەگەرچـی دیوێکـی دیکـەی باسـەکە ئەوەیـە کـە قارەمانـی خاوەنشـکۆی تراژیـدی، بـۆ سـەلماندنی بەهەقبوونـی دژ بـە نەهاتـی ژیانـی هەڵوێسـت دەگـرێ و لێـرەدا گەورەیـی و بەرزبوونی مرۆڤیـش دێتـە ڕوو و خـۆ دەنوێنـێ.
تراژیدییەکانـی یۆنانـی گەورەتریـن ئەرکیـان، نـەک هـەر بەرچاوکردنـی خۆڕاگـری مـرۆڤ بەرانبـەر ڕەنـج و کارەسـات، بەڵکـوو ئامانـج، سـازکردنی بارودۆخێـک بـۆ تێڕامـان و تێفکریـن بەرانبـەر ناخۆشـی و ڕووداوە ناشـیاوەکانیش بـوو، بـە وتەیەکـی دیکـە توانایـی فەلسـەفی زاڵبـوون بـە سـەر نەهاتییـەکان بـە بەردەنـگ دەدا (کـە لـە ئوسـتوورەکاندا داسـەپانی هێـزی خوداکانـی نەیـار بـە سـەر قارەمانـدا بـووە) و لـە ناخـی خۆیـدا فەلسـەفە شـتێک نییـە، بێجگـە لـە تێڕامانـی مـرۆڤ بـۆ زاڵبـوون بـە سـەر ڕەنـج و مردنـدا. بـە

سەرەتەقەکردن لە کتێبەکانی «ئێروین یالووم» کە بە تێهەڵکێشی ڕەوانناسی ئێگزێستێنسیالڵ نووسراون، ئەو بابەتە باشتر خۆ بەدەستەوە دەدا. لە بەیتی سەیدەوانیشدا مردن و تێداچوونی کوڕانی عەبدولعەزیزی داسنی ئەو ڕوانگەیە بەسەر بەردەنگ، یان بیسەری بەیتەکەدا دەسەپێنێ و بە هەمان دەردی گۆرینی دەبا.

تاریفی بەهار لە زمان عەبدولعەزیزەوە کە جوانترین بەشی لەو جێیەدایە کە بە بەهاری نهێنی حیسابی بۆ دەکا مەبەستی نادیاری چارەنووسی خۆیەتی، تەنانەت ئەو پەڵەهەورەی بە ئاسمانەوە (کە بە چڵکەهەوریش نێوی دێنێ) و قارەمانی بەیت دەخوازێ بارانی پەڵە لەسەر قەبری کوڕانی هەڵڕێژێ، یان جەمیعی ئەو گوڵانەی لەسەر گڵکۆی کوڕەکانی شین دەبن، تێکڕا و لێکڕا دەورگێڕن و ڕازێنەرەوەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەن:

**«ئەوە برادەرینە بەهارێکم گەیوەتێ**

**بەهارێکی ساردە، بەهارێکی سەرمایە، بەهارێکی لە من سەر بە زستانە/ بەهارە چ بەهارێکی لە من ئاڵۆزە»**

**«بەهارێک لە من دادێ، چ بەهارێکە لە من بە بەفر و بارانە»**

**«بەهارێک لە من دادێ عەزیزەکەی لە دنیایەم، چ بەهارێکە لە من چەندە دوورە»**

**«بەهارێک لە من دادێ ڕۆڵە سەیدەوان، چ بەهارێکە بەهارێکی لە من بەتاڵە»**

**«بەهارە! چ بەهارێکی لە من بەنهێنی**

**ئەوە بەهارە بابم سەیدەوان چ بەهارێکی لە من لەنەکاوێ!**

**ئەوە بەهارە چ بەهارێکە لە من لە شەڕە!/ بەهارە، چ بەهارێکی لە من بەغللوورە! / بەهارە چ بەهارێکی لە من دژە دژی»**

**«بەهارێکم گەیوەتێ گەلی دە دۆستان و دە برادەران/ ئەوە بەهارێکی لە من هاری»**

**«بەهارە! بەهارە! عەزیزەکەی لە دنیایەم، ئەوە چەندی بەهارێکە لە من بەیەقینە!»**

یا:

**«خۆ، من دەچوومەوە سەر قەبری کاکە سەیدەوانی؛ لە من شین دەبوو شەشپەڕ و شللێرە، گەزیز و نەورۆزە، هەرامەتی دانە بە دانە»**

**«دەچوومەوە سەر قەبری کاکەسەیدەوانی، مەلکەوانی، نێوچیروانی/ چەند گوڵم دەچنی لە گوڵی سوێسنێ، ئەوە هەڵاڵە، بەیبوونێ، گیابەند و خاو/ دەگەڵ ئەوێ گوڵەنەورۆزە»**

**«ئەوە ساڵەکانە ئەوە گیا شین نابێ/ مەگەر لەسەر قەبری کاکەسەیدەوانی، مەلکەوانی، نێچیروانی/ ئەوە شین دەبوو سوێسن و هەڵاڵە و بەیبوون و شللێر و شێستپەڕە، دەگەڵ گوڵەوەنەوشە»**

پاشان پێویستە وردبینانە زەین بدەینە شینی عەبدولعەزیز لەسەر چیای مەغلووبی داسنی، بێگومان ئەو هاوار و ڕۆڕۆیە ئاواز دەداتەوە و ڕێک وەک گرووپی خۆشخوانانی شانۆنامەی تراژیدییە و لێرەدا بەو ئامانجە دەگەین کە ئەو بەیتە لەو تایبەتمەندییەش بێبەری نیێ، هیچ سەرتریشە لەبەر ئەوەی لە ئەستۆی قارەمانە و ئەو کەلێنەشی پڕ کردووەتەوە.

شینی ئەو مەزنە پیاوە جێی سەرنجە و تەنیا بەیتێکە کە پیاو تێیدا شین دەگێڕێ، لە تەواوی بەیتوباوەکانی کوردیدا ئەو ئەرکە ئەرکی ژنانە. وەک «ئەستی و بەغدانێ لە بەیتی کاکەمیر و کاکەشێخ»دا، یان دایکی ئەحمەدی شەنگ، یان خەج بۆ سیامەند ئەو کاتەی بە پەلی دارەبەنەوە دەناڵێنێ و ... .

بابەتێکی سرنجڕاکێشی ئەو بەیتە لە زمانی خودا لێی خۆشبێت «قالەشین» گوتراوە، لەوێدا

عەبدولعەزیز بە پیاوێکی کافر و غەددار ناسراوە، کە لە جەنگەی ڕاودا غایلەیەکی بە دڵیدا دێ و مردنی هەر سێ کوڕی دێتە بەرچاوانی و تەما دەکرێ کە ڕەد لە کاری خودا بدا و ئەوەی چارەنووس قەڵەمی پێدا هێناوە پاک بکاتەوە. لەو گێڕانەوەیەدا وا دەردەکەوێ کە کارەساتە تراژیدییەکان هەقی عەبدولعەزیزە و بە جۆرێک تۆڵەسەندنەوەی خودا لە بەندەیەکی سەرەڕۆی خۆیەتی. ئەگەر بە کورتی لەگەڵ چیرۆک و بەسەرهاتی حەزرەتی ئیبراهیم بەراوردی بکەین پێویستە چەند خاڵ ئاماژە پێ بکەین. هەوڵدانە خەونی حەزرەتی ئیبراهیم کە سێ جاران پاتە دەبێتەوە کە دەبینێ ئیسماعیلی کوڕی بۆ خودا قوربانی دەکا و وەک قارەمانی ئوستوورەیی تەما گەورەکەی ژیانی خۆی دەگرێ کە خاتری خۆشەویستی خودا کاری کەس نەکراو بکا. پێچەوانەی ئەو بەسەرهاتە ئایینییە، عەبدولعەزیزە کە خۆی دە خەونیدا لە کۆتایی بەهاردا بە پەرێشانی دەبینێ کە هەرگیز چڵێکی گیا دەست ناکەوێ، بە دڵیدا دێ کە لە داهاتوودا چاکی بۆ نایە و تەما دەگرێ بە شایی و داوەت پێش بەو کارە بگرێ. ئەو دوو کەسایەتییە لێرەدا تەواو پێچەوانەی یەکترن، حەزرەتی ئیبراهیم تەسلیمی قەدەر و ویستی خودایە و عەبدولعەزیز هەوڵی ئەوەیەتی بەرەنگاری بێتەوە، پاشان حەزرەتی ئیبراهیم بە ویستی خۆی و بە ئاگایی تەواو کوڕەکەی دەباتە سەر کێوێک ئەگەر قوربانی بکا کە بەرانی لە غەیبەوە بۆ دێ و ئیسماعیل ڕزگاری دەبێ و حەزرەتی ئیبراهیم ڕووسوور و سەرکەوتوو ئەو قۆناغەش تێدەپەڕێنێ.

عەبدولعەزیزی داسنی نێرییە کێوییەکەی لێ نادیار دەبێ و بێ ئەوەی ڕوحیشی خەبەردار بێ تووشی هەڵە دەبێ و سەیدەوان دەپێکێ و دۆڕاو و دڵبریندار وەک خۆی دەڵێ دەبێ بە پیرێکی ئاخرشەڕ. بە بۆچوونی من داڕشتی سەیدەوان بۆیە تەواو پێچەوانەی بەسەرهاتی ئیبراهیمی نەبییە هەتا بسەلمێنرێ کە ئەوەی پشتی لە خودایە ژیانی هەر لە شکستییە و قارەمان و دژەقارەمانیان لێ ساز دەبێ. ئەوەی لە زمان بەیتبێژ «حاجی ساڵە تەورە»ش گوتراوە بەو مەبەستەیە کە عەبدولعەزیز پاشی تراژیدی ژیانی دەبێتە خوداناس:

**«وەرە بابم شەرت بێ بە شەرتی خوڵا و ڕەسووان**
**ڕووت لە بۆ ناکەمەوە چیایێ مەغلووبی داسنیان**
**دە شانی ناکەمەوە تفەنگی، لە خۆم حەرام کەم ڕاوی کێوییان**
**حاشایێ بکەم لە دینی داسنیان**
**دە ئەستۆم دەکرد کەشکۆڵێک**
**دەستم دەداوە دارێک لەوی دە دارعەسیایە**
**دڕۆمەوە خوارێ بەنێو عارەبستانیدا**
**دەچوومەوە بۆ خزمەتی شەریف**
**لەوێ شەرت بێ بکەمەوە خزمەتی کابەتووڵڵایە!»**

لە ئاکامدا بەو ئامانجە دەگەین کە ئەگەر «ویلیام شەکسپیر» تراژیدی نووسی نێوبەدەرەوەی ئینگلیسی شانۆنامەی «هاملێت»ی بە ئیلهام وەرگرتن لە مردنی تراژیکی منداڵەکەی «هەمنێت» نووسی، بەیت و باوەکانیش وەک خەزێنەی ئەدەبیاتی کوردەواری، پێویستە خۆیان لێ بەساحەب کرێن و وەک گلێنەی چاو بپارێزرێن و قارەمانەکانی لە ڕێزەی ڕۆڵەکانی گەل دانرێن. بەیتەکان توانایی ئەوەیان هەیە کە بنەمای چیرۆکی شانۆ بن، بەشی هەرە زۆریان گێڕانەوەیەکی تراژیدین و قارەمانەکانی لە سەفەری هات و نەهاتی ژیانیاندا کارەسات و چارەڕەشی بە باڵایان بڕاوە و هێماکانی ئوستوورەیی نێوئاخنی ڕووداوەکانیانە و تەنیا قەڵەمێکی لێهاتوو و هیممەتێک دەخوازن لە ژانری شانۆشدا خۆ بنوێنن و بدرەوشێنەوە.